# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی رەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (١٥٩)    ساڵی دوازدەم    ٣١ / ئازار /٢٠١٣ زاینیی    ١١/ نەورۆز / ٢٧١٣کوردی    ١٩ / جمادی یەکەم / ١٤٣٤کۆچی

## لەم ژمارەیەدا :

159

**فەرمانی هەرێمی ژمارە (٢٠) ساڵی ٢٠١٣ سەرۆکایەتی هەرێم** ل ١

دامەزراندنی (٤٠) چل ئەندامی داواکارگشتی

**بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ل ٢

ڕێنمایی تایبەت بە ڕێکخستنی هاوردەکردنی ئوتۆمبێل

**فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ل ٦

هەڵوەشاندنەوەی پەیڕەوی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١

(نظام عمل اللجان التحقیقیة الانضباطیة المشکلة)

**فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ل ٧

دانانی رۆژی (٤/٢٤)ی هەموو ساڵێك بە ( رۆژی شەهیدی زانکۆیی )

**ڕێنمایی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠١٣ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو** ل ٨

تایبەت بە گەشە پێدانی بەرهەمی سەوزە .

**ڕێنمایی ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠١٣ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو** ل ١٠

تایبەت بە ڕێکخستنی گواستنەوەی پێداویستیە کشتوکاڵیەکان .

**ڕێنمایی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠١٣ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی** ل ١٧

تایبەت بە دابین کردنی بیمەی بێکاری بۆدەرچوانی زانکۆ وپەیمانگاکان

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٣ وەزارەتی داد** ل ٢٠

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٣ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی** ل ٢٠

**بەیانی ژمارە (٣-٤)ی ساڵی ٢٠١٣ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی** ل ٢١

**بەیانی ژمارە ( ٣ - ٤ ) ساڵی ٢٠١٣ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٢٢

**بەیانی ژمارە (١٣-١٤-١٥-١٦-١٧-١٨-١٩-٢٠-٢١-٢٢-٢٣-٢٤ ) ساڵی ٢٠١٣ وەزارەتی تەندروستی** ل ٢٣

ناونیشان: هەولێر-چوار ڕیانی فرنسۆ میتران باڵەخانەی وەزارەتی داد. .

☎ (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

http//:www.mojkurdistan.com

E-mail:rwk@mojkurdistan.com

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (١٥٩) السنة الثانية عشرة ٣١ / اذار / ٢٠١٣ميلادي ١١ / نوروز / ٢٧١٣كوردي ١٩ / جمادي الاول / ١٤٣٤هجري


في هذا العدد:

159

فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط


مرسوم اقليمي (٢٠) لسنة ٢٠١٣ رئاسة اقليم كوردستان ص ١

قرار رئاسة مجلس الوزراء لسنة ٢٠١٣ ص ٢

أمر رئاسة مجلس الوزراء ص ٦

أمر رئاسة مجلس الوزراء ص ٧

تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠١٣ وزارة الزراعة و الموارد المائية ص ٨

تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠١٣ وزارة الزراعة و الموارد المائية ص ١٠

تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠١٣ وزارة العمل و الشؤن الاجتماعية ص ١٧

بيان رقم (٣) لسنة ٢٠١٣ وزارة العدل ص ٢٠

بيان رقم (٥) لسنة ٢٠١٣ وزارة الاوقاف و الشؤون الدينية ص ٢٠

بيان رقم (٣ - ٤) لسنة ٢٠١٣ وزارة العمل و الشؤن الاجتماعية ص ٢١

بيان رقم (٣ - ٤) لسنة ٢٠١٣ وزارة الداخلية ص ٢٢

بيان رقم (١٣-١٤-١٥-١٦-١٧-١٨-١٩-٢٠-٢١-٢٢-٢٣-٢٣) لسنة ٢٠١٣ وزارة الصحة ص ٢٣



No.: 159 Date: March, 31, 2013 Vol.: 12



العنوان : اربيل-تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

السعر ٧٥٠ دينار

http//:www.mojkurdistan.com
E-mail:rwk@mojkurdistan.com

☎ (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

**هەرێمی کوردستان - عێراق**

**سـەرۆکایەتی هەرێـم**

## فـەرمـانـی هـەرێمـی

## ژمارە ( ٢٠ ) ساڵی ٢٠١٣

**بە پێی ماددەی (١٦/١٠)ی یاسای سـەرۆکایەتی هـەرێمی کوردسـتان - عێـراق و لـە سـەر پـاڵاوتنی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان - عێراق بە بڕیاری ژمارە ( ٨١ ) لە ٢٠١٢/١٢/٢ کە بە نوسراوی ژمارە ( ٢٧٠٣/١ ) لە ٢٠١٢/١٢/٢ بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هاتووە بڕیارماندا :-**

**١- ئەم (٤٠) چل بەڕێزانەی ناویان لە خوارەوە دێت و بە ناوی ( ئامانج سلیمان سلیم ) دەست پێ دەکات و بە ناوی ( هدار عبد المجید حسن ) کۆتایی دێت بە ئەندامی داواکاری گشتی دامـەزرێنین لـە سـەر میلاکی وەزارەتی داد .**

| ژ | ناوی سیانی | ژ | ناوی سیانی | ژ | ناوی سیانی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئامانج سلیمان سلیم | ١٥ | دەشتی محمد حمد امین | ٢٨ | ڤیان عبدالرزاق توفیق |
| ٢ | اراز حمە علی فیزالله | ١٦ | دلیر نریمان سبحان | ٢٩ | عادل محمد مولود |
| ٣ | اسیا سعدی عمر | ١٧ | رزگار علی قادر | ٣٠ | عبدالرحمن خضر حمد |
| ٤ | انتصار فاضل توفیق | ١٨ | روخسار قادر عبدالله | ٣١ | عثمان حسن حمد امین |
| ٥ | ایاد عادل زۆراب | ١٩ | زۆراب عارەب قادر | ٣٢ | عدنان محمد علی |
| ٦ | احمد رمضان رحیم | ٢٠ | سالار محمد رشید | ٣٣ | فائق حمە قادر یوسف |
| ٧ | بختیار محمد علی عارف | ٢١ | سامی حمید سمین | ٣٤ | فاروق قادر احمد |
| ٨ | بدرالدین کریم حمدامین | ٢٢ | سیروان کریم بابا | ٣٥ | فریال حسن یارویس |
| ٩ | برهان احمد محمود | ٢٣ | شۆخان عباس عثمان | ٣٦ | محمد جمال عمر سام اغا |
| ١٠ | بهاءالدین احمد محمد | ٢٤ | شلێر جزا محمد | ٣٧ | میعاد فرمان پاشا |
| ١١ | توفیق محی الدین محمد | ٢٥ | شوان خواکرم عوالحامد | ٣٨ | ناظم نجم الدین حسین |
| ١٢ | پشتیوان سمکو نوری | ٢٦ | شیروان اسماعیل محمود | ٣٩ | ناهدە عمر صادق محمد |
| ١٣ | جوان حامد احمد | ٢٧ | چنار عبدالقادر محمد | ٤٠ | هدار عبدالمجید حسن |
| ١٤ | دالیا عبدالله احمد فهمی | | | | |

**٢- ئەم فەرمانە لە رۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت .**

**مسـعود بـارزانی**

**سـەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق**

**هەولێر: ٢٠١٣/٢/٢٧**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە : ( ٢٦٤٠ ) لە ٢٠١٣/٣/١٨**

## بــڕیــار

پشت بەست بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١٣) لە ( ٢٠٠٢/١٠/٣ ) و لەسەر پێشنیاری لیژنەی پێکهاتوو بەفەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ٢٥٦٥ لە ٢٠١٢/١١/٢٠ تایبەت بە پێکهێنانی لیژنەیەك لە بەرێزان وەزیرانی ( ناوخۆ ، پلاندانان ، دارایی و ئابووری ، بازرگانی و پیشەسازی ) لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران لەکۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە ١٧ لە ١٧ /٢٠١٢/١٠ تایبەت بە ڕاگرتنی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل بۆ ناو هەرێم لە بەرواری ٢٠١٣/٢/١٥ ە وە ، بڕیاردرا بە دانانی مەرج و ڕێنمایی نوێ بۆ ڕێکخستنەوەی هاوردەکردنی ئوتۆمبێل بۆ ناو هەرێم بەم شێوەیەی خوارەوە :

**یەکەم : لەسەر ئاستی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی :**

١- پێویستە سەرجەم ئەو کەسانەی کە بازرگانی هاوردەکردنی ئوتۆمبێل دەکەن لە هەرێمی کوردستان خۆیان ڕێکبخەن وەك ( کۆمپانیای تایبەتمەند لە بواری هاوردەکردنی ئوتۆمبێل ) و لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماری کۆمپانیاکان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی خۆیان تۆمار بکەن و مەرج نییە بریکاری ڕەسمی باوەڕپێکراوی کۆمپانیای دروستکەری جیهانی ئوتۆمبێل بن .

٢- لە دوای جێبەجێکردنی خاڵی (١)ی سەرەوە پێویستە لەسەر کۆمپانیاکانی تۆمارکراولە بواری هاوردەکردنی ئوتۆمبێل مۆڵەتی هاوردەکردنی ئوتۆمبێل وەربگرن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی لە ( وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ) ، وهیچ کۆمپانیایەك بۆی نییە بە بێ مۆڵەتی هاوردەکردن کاربکات سەرەڕای جێبەجێکردنی مەرجە گشتییەکانی تری تایبەت بە پێشکەش کردنی پاکانەی باجی دەرامەت و مەرجە تەکنیکیەکان و دارایی و ژینگەییەکانی تر.

٣- ئەو کۆمپانیایەی کە بەفەرمی نوێنەرایەتی کۆمپانیا جیهانییەکانی بواری دروستکردنی ئوتۆمبێل دەکات لە هەرێم دەبێت پابەندبن بە هێنانی کەل و پەلی یەدەگ بە بڕی (٥%) لە بەهای گشتی ئوتۆمبێلی هاوردەکراو، سەرەڕای دامەزراندنی وەرشەی (صیانە) چاکردنەوەی گونجاو کە پشکنین بکرێت لەلایەن لیژنەی تایبەتی هاوبەش لە هەردوو (وەزارەتی ناوخۆ/ ب.گ. هاتوچۆ ) و (وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ) و دواتر بە ڕێنماییەکی هاوبەشی هەردوو وەزارەت مەرجەکانی ئەو وەرشانە دیاری دەکەن و لە هەموو حاڵەتێکدا پێویستە هەر ئوتۆمبیلێك بۆ ماوەی (٢) ساڵ زەمانەتی صیانەی هەبێت بە پێی ڕێنمایی ئاماژە پێدراو.

٤- لە بەرامبەر پێدانی مۆڵەتی هـاوردەکردن بـۆ هـەر ئوتۆمبێلێـك رەسـم وەردەگیرێـت بـە بـڕی (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار دینار لە لایەن وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی وەردەگیرێـت بـۆ هـەر ئوتۆمبیلێك لە بەرامبەر پێدانی مۆڵەتی هاوردەکردنی ئوتۆمبێل و ڕیژەی (٨٠%) ی ئـەم بـڕە پارەیە دەکرێت بە داهات بۆ گەنجینە و رێژەی (٢٠%) وەك پاداشـت بـۆ فەرمانبـەران تـەرخان دەکرێت بەپێی ڕێنماییەك كە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری دەردەچێت بۆ ئەم مەبەستە .

٥- بڕی (١٠٠٠٠٠ ) سەد هەزار دینار وەك کرێی پشکنین لە لایەن دەسـتەی کـۆنترۆڵی جـۆریی و پێوانەسازی وەردەگیرێت .

**دووەم : لەسەر ئاستی وەزارەتی دارایی و ئابووری :**

١- پێویستە لە کاتی هاوردەکردنی ئوتۆمبێل و ئامێرەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە بۆ ناو هـەرێمی کوردستان بەلگەنامەی Invoice ی وڵاتی هاوردەکراوی لەگـەڵ دابێـت بـە مـەرجێك ڕەسـەن (اصلی) بێت و ڕاستاندنی بۆ بکرێت لە لایەنی پەیوەندیدار چ باڵیوزخانەی عێـراق لـە وولاتـی بیانی یان نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم یان پەیوەندی ڕاسـتەوخۆ بـە کۆمپانیـای ئۆتـۆمبێلی جیهانی یان هەر ڕێگایەکی تری شیاو .

٢- لە کاتی هاوردەکردنی هەر ئۆتۆمبیل و ئامێریـك دەبیـت ڕەسـی گـومرگی بەهـەمان رێـژەی کارپێکراو لە حکومەتی فیدراڵی لەسەر ( Invoice ) ی ئۆتۆمبێلەکە وەربگیرێت .

٣- ڕێگەدان بە دووبارە هەناردنە دەرەوەی ئوتۆمبێلی (تایبەت و گشتی ) بە پێی ڕێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری بە مەبەستی هاوردەکردنی ئوتۆمبێلی مۆدیلی نوێ بـە ڕەچـاوکردنی یاسـا و ڕێنمایی و مەرجەکانی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە ، ولە هیچ کاتێکـدا تەمـەنی لـە (١٠) دە ساڵ کەمتر نەبیت و (کەلەپوری ) نەبێت .

**سێیەم : لەسەر ئاستی وەزارەتی ناوخۆ :**

لە کاتی تۆمارکردنی هەر ئۆتۆمبێلێکی نوێ بەپێی مەرجـەکانی ئـەم بڕیـارە لـە بەڕێوەبەرایـەتی هاتووچۆی پارێزگاکانی هەرێم ، ڕەسمی تۆمارکردن لە خـاوەن ئۆتۆمبێـل وەردەگیرێـت بـەپێی ئـەم خشتەیەی خوارەوە و ئەو ڕەسمەش چەند قات دەکرێتەوە لە کاتی تۆمارکردنی ئۆتـۆمبێلی سـێیەم و چوارەم و یان زیاتر :

| ژ | جۆری ئۆتۆمبێل | بڕی پارە کە ئیستا لە بەرامبەر تۆمارکردنی وەردەگیرێت | زیادکردنی بڕی پارەی پێشنیارکراو لە بەرامبەر تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل |
|---|---|---|---|
| ١ | سالۆن ٤ پستن | ٨٠٠،٠٠٠ هەشت سەد هەزار دینار | ٣,٠٠٠,٠٠٠ سێ ملیۆن دینار |
| ٢ | سالۆن ٦پستن | ١٥٠٠،٠٠٠ یەك ملیۆن و نیو دینار | ٤,٠٠٠,٠٠٠ چوارملیۆن دینار |
| ٣ | لاندكرۆزەر٦ پستن وهاوشێوەكانی | ٢٥٠٠,٠٠٠ دووملیۆن ونیو دینار | ٥,٠٠٠,٠٠٠پێنج ملیۆن دینار |
| ٤ | لاندكرۆزەر٨ پستن وهاوشیوەكانی | ٣,٠٠٠,٠٠٠ سێ ملیۆن دینار | ٦,٠٠٠,٠٠٠ شەش ملیۆن دینار |
| ٥ | لاندكرۆزەر٤ پستن | ١٥٠٠,٠٠٠یەك ملیۆن و نیو دینار | ٤,٠٠٠,٠٠٠ چوار ملیۆن دینار |
| ٦ | پیكاب دەبلٚ قمارە | ٣,٠٠٠,٠٠٠ سێ ملیۆن دینار | ٥,٠٠٠,٠٠٠پێنج ملیۆن دینار |
| ٧ | پیكاب تاك | ١٥٠٠,٠٠٠یەك ملیۆن و نیو دینار | ٢٥٠٠,٠٠٠ دووملیۆن نیو دینار |
| ٨ | لۆری | ١٥٠٠,٠٠٠یەك ملیۆن و نیو دینار | ١٥٠٠,٠٠٠ ملیۆن و نیو دینار |
| ٩ | پاص | ١٥٠٠,٠٠٠یەك ملیۆن و نیو دینار | ١٥٠٠,٠٠٠ ملیۆن و نیو دینار |

**چوارەم : لەسەر ئاستی وەزارەتی پلاندانان / دەستەی كۆنترۆلی جۆریی و پێوانەسازی:**

پێویستە ئەو ئۆتۆمبیلانەی هاوردە دەكرێن ئەم مەرجانەیان تیادابێت :

١- كاركردن بە تایبەتمەندی خەلیجی ژمارە( GSO 42"2003 ) بۆ گشت ئۆتۆمبێلەكانی كە بەپێی خاڵەكانی ئاماژەپێدراوی سەرەوە هاوردە دەكرێت وەك پێداویستی تەكنیكی كاتی ( متطلبات فنية مؤقتة ) .

٢- كاركردن بە تەوجیهاتی وولاتانی یەكتیی ئەوروپا بە ژمارە (Directive 2007/46 /EC) وەك پێداویستی تەكنیكی كاتی بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی بۆ ئەوروپا دروستكراون و هاوردەی هەرێمی كوردستان دەكرین ئەگەر هاوردەكار خۆی وویستی یان ئەگەر هاوشێوە نەبوو لەگەڵ تایبەتمەندی خەلیجی هاتوو لە بڕگەی (١) ی سەرەوە .

٣- جام ڕەش نەبێت .

٤- هەبوونی سیستمی (ABS) لە ئۆتۆمبێلەکانی جۆری سالون و دواتر ئەم مەرجە لەسەر ئۆتۆمبێلەکانی گواستنەوەی گشتیش جێبەجێ دەکرێت .
٥- سەرجەم ئەو ئۆتۆمبێلانەی هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن دەبێت لەلایەن کۆمپانیاکانی پشکنین (الشرکات الفاحصە) بڕوانامەی پشکنین وەربگرن هاوشێوەی وولاتی سەرچاوە و پشکنین بۆ دڵنیابوون دەکرێت لەسەر خالە سنووریەکانی هەرێم دواتر ڕێگە بە داخل بوونی دەدرێت .

**پێنجەم :**

١- ڕاگرتنی کارکردن بە سەرجەم ڕەزامەندییەکانی پێشوو تایبەت بەهاوردەکردنی ئۆتۆمبێل بۆ چەند توێژیکی دانیشتوانی هەرێم وەك لە (پرۆژەی تاکسی کوردستان ، گۆرینی باصی کۆن، جووتیاران ، وەکیلەکانی خۆراك ، زیندانی سیاسی ، مامۆستایانی زانکۆ و پەیمانگاکان ، کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت ، پێشمەرگەی دێرین ٠٠٠ هتد) کەئەمانە ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیان پێدراوە لە سالأنی پشووە و تائێستا بۆ هاوردەکردنی ئۆتۆمبیڵ بۆ ئەو چین و تویژانە بە بێ وەرگرتنی ڕەسمی تۆمارکردن و بەخشینیان لەڕەسمی گومرگیش بەڕەچاوکردنی بارودۆخی تایبەتیان .
٢- سەبارەت بەو کۆمپانیایانەی کەرەزامەندی برگە (١)ی سەرەوەیان هەیە لە پێش گشتاندنی وەزارەتی دارایی بۆ ڕاگرتنی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل لە بەرواری ٢٠١٢/١٢/٣١ گرێبەستیان هەیە لەگەڵ کۆمپانیاکانی دروستکەری ئۆتۆمبێل بڕیاردرا لیژنەیەکی لاوەکی قانونی و تەکنیکی و ژمێریاری لە وەزارەتەکانی ( دارایی و ئابووری و ناوخۆ و داد ) پێکبهێنرێت بۆ ووردبینی گرێبەستی ئەو کۆمپانیانە لەگەڵ کۆمپانیای جیهانی دروستکەری ئۆتۆمبێل و LC ی ئەو کۆمپانیایانە و دواتر ئەگەر لە دەرئەنجامی لێکۆڵینەوە ئەو کۆمپانیایانە سەلماندیان کە گرێبەستەکانیان پێش ٢٠١٢/١٢/٣١یە ئەوا ڕێگایان پێ بدرێت، و ڕەزامەندییان بۆ داهاتوو لە دوای ئەو بەروارە ڕابگیرێت .

**شەشەم:** وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەتوانن ڕێنمایی بۆ ئاسانکاری جێ بەجێکردنی ئەم بڕیارە دەربکەن

**حەوتەم :** وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەکەن .

**عیماد احمد**

**جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە : ( ٢٢٢٨ ) لە ٢٠١٢/٩/٢٥**

**فـەرمـان**

پالپشت بەو دەسەلاتەی پێمان دراوە و ئاماژە بە بڕیاری ژمارە (١)ی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢) لە ڕۆژی ٢٠١٢/٨/١٥ بڕیارماندا بە :-

١- هەلوەشاندنەوەی ( نظام عمل اللجان التحقيقية الانضباطية المشكلة ) ژمارە (٨)ی سالی ٢٠١١.

٢- کارکردن بە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەولەت ( قانون انضباط موظفي الدولة و القطاع العام )ی ژمارە (١٤)ی سالی ١٩٩١ی هەموارکراو .

٣- ئەم فەرمانە لەرۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لەرۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان ) بلاودەکرێتەوە .

**عیماد ئەحمەد**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە : ( ٢٢٢٦ ) لە ٢٠١٣/٣/٤**

**فـەرمـان**

ئاماژە بە بڕیاری ژمارە ( ٢ )ی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢) لە رۆژی ٢٠١٣/٢/١٠ بریارماندا بە :-

١- دانانی رۆژی (٤/٢٤)ی هەموو ساڵێك کە رۆژی کارەسات و راپەرینی قەڵادزێ یـە بـە ( رۆژی شەهیدی زانکۆیی ) و لە هەموو زانکۆ و پەیمانگاکان چالاکی زانستی و رۆشنبیری ئەنجام بدرێت و ئەو یادە زیندوو بکرێتەوە .

٢- لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم فەرمانە جێبەجێ دەکەن .

٣- ئەم فەرمانە لە رۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان ) بلاودەکرێتەوە .

**عیماد ئەحمەد**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**
**ژمارە : ( ٢٥٤٢ ) لە ٢٠١٣/٣/٤**

**ڕێنمایی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠١٣**
**تایبەت بە گەشە پێدانی بەرهەمی سەوزە لە هەرێمی کوردستان - عیراق.**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٣)ی یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٧ وە بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی پلانی ستراتیجی وەزارتمان تایبەت بە گەشە پێدانی بەرهەمی سەوزەوات تا ئاستی دابین کردنی پێداویستی یەکانی ناو خۆ بەمەبەستی گەیشتن بەتیرا خۆ ( الاكتفاء الذاتي ) ودابین کردنی ئاسایشی بۆ هەرێمی کوردستان ،وە بەمەبەستی دیاری کردنی چونیەتی هاوکاری کردنی جووتیاران وکشتیاران وپاڵپشتی کردنیان بۆ دابین کردنی پێداویستی یەکانی ئەو بوارە وەهاندانیان بۆ زیاتر بەرهەم هێنانی سەوزەی جۆراوجۆر بەپی پێداویستی یەکان،ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد :

١- پێکهێنانی لێژنەیەك لەدیوانی وەزارەت کەپێکهاتبێت لە نوێنەری فەرمانگەکانی ( باخداری ، خزمەتگوزاری کشتوکاڵی ، توێژینەوە ، ڕێنمایی ) بەمەبەستی سەرۆکایەتی کردنی گشت بابەتە پەیوەندیدارەکانی ئەم بوارە بەپێ پسپۆری یە جیاوەزەکان ، وە ئەرکی ئەم لێژنەیە ئەم کارانە دەبیێت :-

أ- لێکۆلینەوە لە ڕادەی بەرهەم هینانی سەوزە لە سەر ئاستی هەریم و پارێزگاکان وە دیاری کردنی خالە بەهێز ولاوەزەکان .

ب- چاودێری کردنی جێ بەجێ کردنی ئەو پلانانەی دانراوە بۆ گەشەپێدانی بەرهەمی سەوزە .

ت- چاودێری کردنی کاروبارەکانی تایبەت بە پێدانی قەرزە لە بانکە کشتوکاڵی یەکان .

ث- پێشنیار کردنی چارەسەر بۆ کەم کردنەوە ونەهێشتنی گرفتەکان لە ڕێگەی (بەڕێوبەرایەتی گشتی باخداری ودارستان وپاوان ) بۆ ئەنجومەنی ڕاوێژکاری وەزارەت.

ج- پێشنیار کردنی نرخەکان .

ح- چاودیری کردنی ئەو کۆمپانیا کشتوکاڵیانەی لە بواری کارکردن.

٢- پێکهینانی هەمان لێژنەی خالی (١) لە سەر ئاستی پارێزگاکان وە لە ژێر چاودێری لێژنەکەی دیوانی وەزارەتدا دەبن بەپێ ی پێویست کوبونەوەی دەوری ئەنجام دەدەن وەبە هەماهەنگی لەگەڵ لێژنەکە کاردەکەن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری وجێ بەجێ کردنی ئەرکەکان .

٣- هەوڵدان بۆ زیادکردنی ئاستی زانستی جوتیاران وسەرپەرشتیاران لەرێگەی کردنەوەی خولی تایبەت
٤- دانانی سەرپەرشتیاران بە لە بەرچاو گرتنی ژمارەی جوتیاران وژمارەی خانووە پلاستیکیەکان لە ناوچەکەدا .
٥- پاڵپشتی کردنی دابین کردنی تۆوی باوەر پێکراو وپەینی کیمیاوی بۆبەرووبومی ( تەماتە ،خەیار، باینجان ، بیبەر، کولەکە ، پیاز ) و بەپێ پلانی ستراتیژی وپێداویستی وەزارەت .
٦- پاڵپشتی کرینی قرکەری کیمیاوی بۆ خانووی پلاستیکی بۆ بەرهەمە ستراتیجی یەکان .
٧- پاڵپشتی کردنی کرینی نایلون بۆ خانووی پلاستیکی.
٨- پاڵپشتی کردنی تەلەی فۆرمونی و لەزگەی وەرەقی وتول (مشبك) بۆ ئەوخانوانەی کە( تەماتە ، وباینجان ، وبیبەر ) یان چاندوە لەبەر مێروی ( توتا ئەبسلیوتا ) .
٩- سەرپەرشتی و پاڵپشتی تەنها ئەوجوتیارانە بکرێت کە لە (٣) خانووی پلاستیکیان زیاتر هەیە بۆ ساڵی ( ٢٠١٣ ) وەك قۆناغی یەکەم . جگە لەو جوتیارانەی کە لە ساڵی ٢٠١٢ خانووی پلاستیکیان بەسەر دابەش کراوە و ساڵێك تێپەرنەبووە بەسەر دابەش کردنەکەدا ، ( سەرپەرشتی و پاڵپشتی بۆ ساڵی دواتر (٢٠١٤) لە (٥) خانووی پلاستیکی کەمتر نەبێت .
١٠- هەوڵدان بۆ دابین کردنی سوتەمەنی بە نرخی فەرمی .
١١- هەوڵدان بۆ گۆرینی سیستەمی خانووی پلاستیکی لە تۆنیلەوە بۆ سیستەمی (ملتی سپان) و بەسیستەمی گەرمی و ساردی بێت بۆ بەرهەم هێنان بە درێژایی ساڵ .
١٢- ئەم رێنماییە لە رۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان ) بڵاودەکرێتەوە .

**پرۆفیسۆر سیروان بابان**

**وەزیری کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**
**ژمارە : ( ٢٥٤١ ) لە ٤ /٣ /٢٠١٣**

**ڕێنمایی ژمارە( ٢ )ی ساڵی ٢٠١٣**
**ریکخستنی گواستنەوەی پێداویستیە کشتوکاڵیەکان بۆ پارێزگاکانی**
**هەرێمی کوردستان و لە نێوانیشیاندا**

پاڵپشت بە ماددەی ( هەشتەم ) لە یاسای کەرەنتینی کشتوکاڵی ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٦٦ هەموارکراو وەبە مەبەست ڕێکخستنی پێداویستییە کشتوکالیەکان کە لە پارێزگاکانی عێراقی فێدراڵەوە یان لە دەرەوەی وڵاتەوە دەگوازرێنەوە بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و هەروەها لە نێوان پارێزگاکانی هەرێمیشدا کە بریتین لە ( بنەتۆی جۆراوجۆر و هەر قرکەرێکی دەردەکشتوکالیەکان و پەینی کیمیاوی و نەمامی جۆراوجۆرو هەر بەشێکی دیکەی ڕووەك کە بۆ چاندن بەکاربێت سەرباری مێوە و بەروبومی سەوزە...تاد دەبێت بە پێی ئەم ڕێنماییانە بێت کە لەلای خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین .

١- گواستنەوەی قرکەرەکیمیاییەکان .

هەرچەندە ڕێگەدان بە هاوردنی قرکەرەکیمیاییەکان لە دەرەوەی ولات پەیوەندی بە حکومەتی عێراقی فیدراڵەوە هەیە و ئەو لایەنانەی ڕێگەیان پێدەدرێت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە دەبێت مۆڵەتی هاوردنیان هەبێت و پابەندبن بە مەرجەکانی هاوردەکردنی قرکەرەکانی دەردەکشتوکالیەکان وەك لە مادەی (٣) لە سیستەمی ئاڵوگۆری کەل و پەلی کشتوکاڵی ژمارە (٣٦)ی سالی ١٩٧١دا هاتووە یا هەر ڕێنماییەکی دیکە لەم ڕووەوە دەربچێت ، بەلام بۆ ئەوەی لایەنی پەیوەندیدار لە بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکانی کشتوکاڵ لە برِو جۆری ئەو قرکەرانەی دەهێنرێنە پارێزگاکانیان ئاگاداربن ، بۆیە ئەو بازرگانانەی کە بەم کارە هەلدەستن دەبێت :

1.1. رەزامەندی پێشوەخت لە ب. گ. کشتوکالی پارێزگای پەیوەندیدار/ ب. پاراستنی ڕووەك وەربگرن لە ڕێگەی داواکارییەك کە تیایدا ئاماژە دەدرێت بە :

(أ) ناوی قرکەرەکان و برەکانیان و شێوە و قەبارەی دەفرەکانیان. لەم ڕووەوە هەر قرکەرێك :

- تۆمار نەکرابێت لە عێراق یان
- لە ولاتی بەرهەمهێن بە کار نەیێت یان
- زۆر ژەهراوی و مەترسیدار بێت و ببێتە هۆی پیسبونی پێکهاتەکانی ژینگە، یان
- ماوەی بەکارهێنانی بەسەرچوبێت یان .

- تابلۆی زانیاریەكان دەستكاریكرابێت یان
- هەر هۆیەكی دیكە ... رێگەی پێنادرێت .

(ب) ئەو شوێنەی لێوەی هاتووە ( جهه التجهیز ) واتە شوێنی هاوردنی بە شێوەیەكی راستەوخۆ لە دەرەوەی ولاَت یان لە رێگەی هەر كۆمپانیایەكی رێگەپێدراوەوە هاتبێت.

(ج) دیاریكردنی ئەو بازگەیەی لێوەی دێتە ژورەوە .

2.1. كارتی زانیاری تەنها دەبێت بە زمانی عەرەبی و كوردی وئینگلیزی نوسرابێت و تەواوی زانیاری پێویست لە خۆبگرێت .

3..١.دوای رەزامەندی و لە كاتی هێنانی ئەو قركەرانە دەبێت ئەم دۆكۆمێنتانەیان لەگەلدا بێت:

(أ) وێنەیەك لە بروانامەی شوێنی بەرهەمهێن ( شهاده المنشأ )

(ب) وێنەیەك لە بروانامەی شیكردنەوەی تاقیگەیی (SGS) یان هەربروانامەیەكی نێودەولەتی باوەرپێكراو

(ج) جێبەجێكردنی یاسا و رێساكانی كەرەنتینەی كشتوكالی یان هەر رێنماییەكی دیكە.

(٢) گواستنەوەی بنەتۆی جۆراوجۆر كە بۆ چاندن بێت

1.2. وەدەستهێنانی رەزامەندی پێشوەخت لە ب. گ. كشتوكالی پارێزگای پەیوەندیدار/ ب. بەرهەمهێنان و پەسەندكردنی تۆ لە رێگەی داواكارییەك كە تیایدا ئاماژە دەدرێت بە:

(أ) جۆر و بری تۆیەكە و چۆنێتی سازدانی/ تعبئه ( تەنها رێگە بەو جۆرانە دەدرێت كە لە عیراقدا پەسەندكراون و وەزارەتی كشتوكال و سەرچاوەكانی ئاو لە حكومەتی هەرێمی كوردستانیش بە پێی نوسراوی ژمارە ( ٩٥٣٧) لە ٢٠١١/٧/١٠ ) پەیرەوی دەكات .

(ب) ئەو شوێنەی لێوەی هاتووە (جهه التجهیز) واتە شوێنی هاوردنی بە شێوەیەكی راستەوخۆ لە دەرەوەی ولات یان لە رێگەی هەر كۆمپانیایەكی رێگەپێدراوەوە هاتبێت.

(ج) دیاریكردنی ئەو بازگەیەی لێوەی دێتە ژورەوە

2.2. هاوردنی بنە تۆ لە هەرێمی كوردستان تەنها لە رێگەی خالّی سنوری (ابراهیم خەلیل)ەوە دەبێت

3.2. دوای رەزامەندی و لە كاتی هێنانی دەبێت ئەم دۆكۆمێنتانەی لە گەلدا بێت :

(أ) بروانامەی دەستەی پشكنین و پەسەندكردنی تۆ.... ( الهیئه العامه لفحص وتصدیق البذور ) لە بەغداد پێش ئەوەی رێگەی پێبدرێت بێتە ژورەوە.

(ب) سەبارەت بە تۆی رووەكە كولەكەییەكان ( القثائیات ) دەبێت پاك بێت لە فایروسات و بۆ ئەم مەبەستەش بروانامەی لە گەلّدا بێت .

(ج) سەبارەت بەو تۆیانەی کە لەقوتودان یان لە زەرفی کاغەزدابن دەبێت بەقرکەری پێویست مامەلەی لەگەڵدا کرابێت .

(د) ئەو تۆیەی کە بۆ خواردن بەکار دێت دەبێت رەزامەندی وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لە گەڵدا بێت .

(هـ) جێبەجێکردنی یاسا و رێساکانی کەرەنتینەی کشتوکاڵی لەروی دەردەکشتوکاڵیەکانەوە...یان هەر رێنماییکی دیکە .

(٣) گواستنەوەی پەینی کیمیاوی .

1.3. وەدەستهێنانی رەزامەندی پێشوەخت لە ب. گ. کشتوکاڵی پارێزگای پەیوەندیدار/ ب. پاراستنی رووەك وەردەگیرێت لە رێگەی داواکارییەك کە تیایدا ئاماژە دەدرێت بە :

(أ) جۆر و برِ و رێژەی پێکهاتەکانی پەینەکە

(ب) کێشی هەر کیسەیەك یان قەبارەی دەفرەکانیان سەبارەت بە پەینی شل .

(ج) ئەو شوێنەی لێوەی هاتووە ( جهه التجهیز ) واتە شوێنی هاوردنی بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە دەرەوەی ولاَت یان لە رێگەی هەر کۆمپانیایەکی رێگەپێدراوەوە هاتبێت.

(د) دیاریکردنی ئەو بازگەیەی لێوەی دێتە ژورەوە .

2.3. دوای رەزامەندی و لە کاتی هێنانی دەبێت ئەم دۆکۆمێنتانەی لە گەڵدا بێت:

(أ) بروانامەی شیکردنەوە لە تاقیگەیەکی متمانە پێکراو

(ب) جێبەجێکردنی یاسا و رێساکانی کەرەنتینەی کشتوکاڵی لە روی شێوەی سازدانی (تعبئە) و ئەو زانیاریانەی کە لە سەر کیسەکاندا نوسراون بە بەراورد لە گەل دۆکۆمێنتەکان و داواکارییەکە.

(٤) گواستنەوەی میوە و بەروبومی سەوزە

1.4. وەدەستهێنانی رەزامەندی پێشوەخت لە ب.گ. کشتوکاڵی پارێزگای پەیوەندیدار/ ب. خزمەتگوزاری کشتوکاڵی لە بەر رۆشنایی رێنماییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو سەبارەت بە قەدەغەکردنی بەروبومی هاوردەکراو لە وەرزی پێگەییشتنی بەروبومی خۆماڵی بە پێی ئەو لیستەی کە تیایدا جۆر و ماوەی قەدەغەکردنی ئەو بەروبومانە دیاریدەکرێن لە رێگەی داواکارییەك کە تیایدا ئاماژە دەدرێت بە

- برِو جۆری بەروبومەکە .
- سەرچاوەی بەروبومەکە واتە ولاَتی بەرهەمهێن .

2.4. بەروبومی ڕێگەپێدراو دەبێت لە جۆرێکی باش بێت .

3.4. پابەندبون بە یاسا و ڕێساکانی کەرەنتینەی کشتوکاڵی لە روی دەردەکشتوکاڵیەکانەوە

4.4. دیاریکردنی ئەو بازگەیەی لێوەی دێتە ژورەوە .

(٥) گواستنەوەی نەمامی جۆراوجۆر و رووەکی سێبەر و پیازە گولدارەکان (الابصال)

1.5. وەدەستهێنانی ڕەزامەندی پێشوەخت لە ب. گ. کشتوکاڵی پارێزگای پەیوەندیدار/ ب. باخداری لە روی بڕو جۆر و پێداویستی پاریزگاوە سەرباری ڕەزامەندی ب. پاراستنی رووەك لەروی ئەو مەرجانەی کە تایبەتن بەیاسا و ڕێنماییەکانی کەرەنتینەی کشتوکاڵی لەرێگەی داواکارییەك کە تیایدا ئاماژە دەدرێت بە .

(أ) جۆر و برەکانیان .

(ب) تەنها لە پیتمۆس بێت ( بە بێ خۆڵ و بەبێ پەینی ئۆرگانیك)

(ج) ئەو کەرەستانەی کە بەکاردێن بۆ سازکردنیان (تعبئە) دەبێت بە پێی ڕێنماییەکان بێت.

(د) دیاریکردنی ئەو بازگەیەی لێوەی دێتە ژورەوە.

2.5. پابەندبون بە یاسا و ڕێساکانی کەرەنتینەی کشتوکاڵی

(٦) گواستنەوەی بنەتۆی پەتاتە ( تقاوی البطاطا )

( دەبێت بنەتۆ لە جۆری تۆمارکراو بێت بەپێی لیستی باوەرپێکراو لە وەزارەتمان )

1.6. وەدەستهێنانی ڕەزامەندی پێشوەخت لە ب. گ. کشتوکاڵی پارێزگای پەیوەندیدار/ ب. باخداری لە رووی بر و جۆر و پێداویستی پارێزگاوە سەرباری ڕەزامەندی ب. پاراستنی رووەك لە روی ئەو مەرجانەی کە تایبەتن بە یاسا و ڕێنماییەکانی کەرەنتینەی کشتوکاڵی لە رێگەی داواکارییەك کە تیایدا ئاماژە دەدرێت بە پابەندبونی داواکار بەتەواوی ئەومەرجانەی لای خوارەوە ئاماژەی پێدەکەین

(أ) نابێت هیچ بنەتۆیەکی پەتاتە بۆ چاندن بەکاربێت تاکو پشکنینی تەواوی بۆ نەکرێت بە مەبەست دڵنیابون لە رووی :

- (نەخۆشیە بەکتیریاییەکان) - (نەخۆشیە کەروییەکان) - (مێروو) - (ڤایرۆسات) - (نیماتۆدا)

- زیانی فسیۆلۆجی و میکانیکی و تێکچون ( تشوهات ) .

(ب) دەبێت ئەنجامی پشکنینەکان سەبارەت بە رێژەی توشبون بە نەخۆشیە ڤایرۆسیەکان لە هەر پلەیەکدا وەك لە لای خوارەوە ئاماژەی پێدەکەین :

* ڕێژەکەی لە پلەی ( Super Elite ) دا لە ١٪ کەمتر بێت .

* ڕێژەکەی لە پلەی ( Elite ) دا لە ٢٪ کەمتر بێت .

* ڕێژەکەی لە پلەی ( Class A ) دا لە ٥٪ کەمتر بێت .

* ڕێژەکەی لە پلەی ( Class B ) دا لە ٥- ١٠٪ تێپەر نەکات .

(ج) ڕێگە نادرێت بەهیچ ڕێژەیەك لەم دەردەکشتوکاڵیانەی لای خوارەوە لەگەڵ بارەکەدا(الارسالیه) هەبێت

* نەخۆشی رەقە کوێرو ( الثالیل السوداء ) Synchytrium endobioticum

* نیماتۆدەی زێرین Heterodera rostachinsis

* نەخۆشی گەربونی شێوە پاودەری Spongospora subterranean

* نەخۆشی بۆگەنبونی شێوە ئەلقەیی Cornybacterium spedenicum

(د) ڕیگە نادرێت بە هیچ ڕێژەیەك لەم مێروانەی لای خوارەوە لە گەڵ بارەکەدا هەبێت :

* کرمی گرۆی پەتاتە

* قالۆنچەی کۆلەرادۆ

* قالۆنچەی یابانی

(هـ) ڕێگە ئەدرێت بەم دەردەکشتوکاڵیانەی لای خوارەوە لە بارەکەدا هەبێت بە مەرجێك ڕێژەی هەر یەکەیان لە (١٪) تێپەر نەکات :

* نەخۆشی سکلیرۆشیا Sclerotium rolfsil

* نەخۆشی ووشکە بۆگەنبون Fusarium spp

* نەخۆشی لەزەسۆتەکە Alternaria solani

* نەخۆشی بۆگەنبونی تەر Erwinia spp

هـ.١. نەخۆشی گەربونی ئاسایی Streoptomyces scabies

ئەو گرۆیانەی بە کەمی توشبونە وەردەگیرێن بە مەرجێك ڕوبەری توشبونیان بە ڕێژەی ( ٣:١ ) ی ڕوبەری گشتی زیاتر نەبێت و ئەو بارەی کە ڕێژەی توشبونی لە (٥٪) یان زیاتر بێت ڕەتدەکرێتەوە .

هـ.٢. نەخۆشی گەربونی زیوی Spondylocimadium atrovirens

نابێت ڕێژەی توشبون بگاتە ئاستی سیسبون و چرچبونەوەی گرۆکان .

ه.٣. نەخۆشی توێکڵە رەشە Rhizoctonia solani

گرۆی توشبو بە رێژەیەکی کەم یان مامناوەندی بە پێی پێوەری هۆڵەندی یان هاوتاکانی پەسەندە بە مەرجێك رێژەی گرۆ توشبووەکان لە (٢٠٪) تێپەر نەبێت و رێژەی گرۆ بریندار و نارێکەکانیش لە (٢٪) تێپەر نەکات و هەروەها بری ئەو خۆڵەی بە گرۆکانەوەیە نابێت لە (١٪) ی کێشیان زیاتر بێت.

2.6. دەبێت لە جۆری رێگەپێدراو بێت .

3.6.بروانامەی تەندروستی ولاَتی بەرهەمهێنی لە گەڵدا بێت کە تیایدا ئاماژە بدرێت بە توشنەبونی گرۆکان و هەروەها خاوێنی شوێنی چاندنیان بەم دەردە کشتوکاڵیانەی لای خوارەوە :

1.3.6. نەخۆشی گەربون Streptomyces scabies

2.3.6. نەخۆشی بۆگەنبونی شێوە ئەلقەیی Cornybacterium spedenicum

3.3.6.نەخۆشی بۆگەنبونی تەر Erwinia carotovora

4.3.6. قالۆنچەی کۆلەرادۆ Liptinotarsa decemlineata

5.3.6. نەخۆشی بۆگەنبونی رەنگ قاوەیی Pseudomonas solanacerum

4.6. بروانامەی ولاَتی بەرهەمهێنی لە گەڵدا بێت و تیایدا ئاماژە بدرێت بە جۆر و پلە و ساڵی بەرهەمهێنان و ماددەی پاکژکەرەوە و رێکەوتی پاکژکردن .

5.6. تیرەی هەر گرۆیەك لە نێوان ( ٣٥-٥٥ ) ملیم بێت .

6.6. بۆ گواستنەوەی دەبێت لە ناو گونیەی تازە و خاوێن و پاکژکراوە بێت و ناوی کۆمپانیای بەرهەمهێن و جۆر و ساڵی بەرهەمهێنانی لە سەر تۆمار کرابێت .

7.6. پەتاتەی هاوردەکراو نابێت لەروی خەسلەتە بۆماوەییەکانەوە دەستکاریکرابێت و هاوردەکاریش دەبێت ئەمە بسەلمێنێت .

(٧) گواستنەوەی داری وشك و تەختەدار

1.7. وەدەستهێنانی رەزامەندی پێشوەخت لە ب.گ. کشتوکالی پارێزگای پەیوەندیدار/ ب. دارستان و پاوان و هەروەها ب. پاراستنی رووەك لە رێگەی داواکارییەك کە تیایدا ئاماژە دەدرێت بە:

(أ) جۆر و برِەکەی

(ب) داری وشك و تەختەدار دەبێت بەبێ توێکل ( بدون قلف ) بێت .

(ج) ئەو شوێنەی لێوەی هاتووە ( جهە التجهیز ) واتە شوێنی هاوردنی بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە دەرەوەی ولاَت یان لە رێگەی هەر کۆمپانیایەکی رێگەپێدراوەوە هاتبێت .

(د) دیاریکردنی ئەو بازگەیەی لێوەی دێتە ژورەوە .

2.7.جێبەجێکردنی یاسا و ڕێساکانی کەرەنتینەی کشتوکاڵی لە روی دڵنیابون لە نەبونی قەدسمەی دار و مۆرانە و بە پێچەوانەوە ئەو بارە رەتدەکرێتەوە .

(٨) گواستنەوەی هەنگ و بەرهەمی هەنگوین .

بە پێی یاسا و ڕێساکانی کەرەنتینەی کشتوکاڵی هاوردەکردنی :

(أ) هەنگوین بە شانەوە

(ب) شلخە ( الطرود ) بە شانەوە ( جگە لە شێوازی بەستەکردن / الرزمە )

(ج) شاهەنگ ...................... ( قەدەغەیە )

(٩) ئەو شتومەکە کشتوکاڵیانەی کە لە نێوان پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا ئاڵوگۆریان پێدەکرێت و دەگوازرێنەوە دەبێت :

سەرباری وەدستهێنانی رەزامەندی پێشوەخت لەو پارێزگایەی کە شتومەکەکەی بۆ دەگوازرێتەوە کە تا چەند پێویستی بەو جۆرە کالاّیە هەیە و لە هەمان کاتدا ب.گ. کشتوکاڵی ئەو پارێزگایەی کە لێوەی هاتووە بە نوسراێکی فەرمی پشتگیری لە بابەتەکە بکات و تیایدا ئاماژە بدرێت بەوەی کە :-

( ئەو بەروبومە کشتوکاڵیە گونجاوە لە گەڵ تەواوی دەقی یاسا و رێنماییەکانی کەرەنتینەی کشتوکاڵی) ئەگەر بارەکە (الارسالیە) لە رێگەی ولاّتانی دەرەوە یان لە یەکێك لە پارێزگاکانی عێراقی فیدراڵەوە هاتووە. و نوسراوەکەش زانیاری تەواو لە خۆ بگرێت وەك :

جۆری کالاّکە و برەکەی و لایەنی نێردەر و لایەنی داواکار و ناوی شۆفێر و ژمارەی تابلۆی ئۆتۆمبیل و زانیاری دیکەی پێویست . بە پێچەوانەوە بارەکە رەتدەکرێتەوە .

(١٠) ئەم رێنماییە لە رۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**پرۆفیسۆر سیروان بابان**

**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە ( ١١٧٦ ) لە  ٧ / ٣ / ٢٠١٣**

پشت بەستن بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩٠٧٠) لە ٢٠١١/٨/١٨ لە خاڵی ٣ ئەو ڕێنمایەمان دەرکرد :

**ڕێنمایی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠١٣**

**دابین کردنی بیمەی بێکاری بۆ دەرچوانی زانکۆ و پە یمانگاکانی حکومی لەهەرێمی کوردستان - عێراق**

**١- پێناسە :**

دابین کردنی بیمەی بێکاری بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکانی سەر بە دەستەی خویندنی تەکنیکی وەزارەتی خۆیندنی باڵآ و وەزارەتەکانی تر لە هەرێمی کوردستان (تەنها حکومییەکان ) بـۆ مـاوەی شەش مانگ بە بڕی (١٥٠,٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار کە لە لایەن وەزارەتی کـارو کاروبـاری کۆمەڵایەتی جێ بە جێ دەکرێت ٠

**٢-ئاما نجی پڕۆژەکە :**

دابین کردنی بیمەیەکی کاتی بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکانی سەربە دەستەی خۆێندنی تەکنیکی وەزارەتی خۆێندنی باڵآ، وەزارەتەکانی تر لە هەرێمی کوردستان ( تەنها حکومییەکان ) تا هەلی کار دەدۆزنەوە لە کەرتی گشتی یان تایبەت یاخود دەبنەخاوەن کاری سـەربەخۆ ، ئەمـەش لـە ڕێگـای شیاندکردنیان بە پێ ی پسپۆڕی و جۆری هەلی کاری دۆزراوە بۆیان بە بەشداری پێککردنیان لە خولی ڕاهێنان لە دام و دەزگاکانی حکومی ، کەرتی تایبەت و ڕێکخراوە ناحکومیەکان .

**٣- سوودمەندان**

دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکانی سەر بە دەستەی خۆێندنی تـەکنیکی وەزارەتـی خۆێنـدنی بـاڵآ و وەزارەتەکانی تر لە هەرێمی کوردستان (تەنهاحکومییەکان)

**٤- مەرجەکانی پێدانی بیمە :**

أ- دەبێت دەرچووی زانکۆ پەیمانگاکانی سەر بە دەستەی خۆێندنی تەکنیکی وەزارەتی خۆێندنی باڵآ و وەزارەتەکانی تر بێت لە هەرێمی کوردستان .

ب- هاووڵاتی و دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت .

ج- داواکار دەرچووی ساڵی خوێندنی (٢٠١١- ٢٠١٢ ) بێت .

د- نابێت هیچ کارێکی هەبێت چ لە کەرتی گشتی یان تایبەت یاخود خاوەن کارێکی سەربەخۆ بێت .
ه- دەبێت داواکار ناوی تۆمارکرا بێت لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەکارخستنی سەر بە وەزارەت لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کە بێکارە .
و- دەبێت سوودمەند ڕازی بێت بە جۆری ئەم خولی ڕاهێنانەی کە لەلایەن وەزارەتی کار بۆی دەست نیشان دەکرێت بە پێ ی پسپۆرییەکەی .
ز- دەبێت سوودمەند ڕازی بێت بەو هەلی کارە گونجاوەی کە لەلایەن وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتی بۆی دەدۆزرێتەوە .
ح- دەبێت سوودمەندی ئەم پرۆژەیە هیچ برە پارەیەك بە هەر ناوێك لە بودجەی گشتی حكومەتی هەرێم وەرنەگرێت ئەم برگەیەش مووچەی خانەنشینی ، مووچەی وارسی شەهید و ئەنفالكراوەكان ،مووچەی ڕێزلێنان و هەر مووچەیەكی تر دەگرێتەوە كە بێكار بە شێوەی سەربەخۆ بۆ خۆی وەردەگرێت كە بری (١٥٠,٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار بەرەو ژووربێت .
ط. پێشكەش كردنی داواكاری بەردەوام دەبێت بۆ ماوەی (دوومانگ) لە رۆژی جاردانی ( اعلان) كردنی بیمەكە لە لایەن وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەلایەتی .
ی. بە تێپەڕبوونی (٣) سێ مانگ لەسەر وەرنەگرتی مووچەی دابین كراو( لەلایەن داواكار)، مووچەكە دەگەرێتەوە گە نجینەوە مافی گەراندنەوەی نییە .

**٥-میكا نیزمی و پێداویستیەكانی جێ بە جێ كردن** .

أ- پڕكردنەوە و پێشكەشكردنی فۆرمی تایبەتی دواكردنی بیمە لە بەرێوەبەرایەتیە گشتیەكانی چاودێری گەشە پێدانی كۆمەلایەتی لە پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان .
ب- پێشكەشكردن بەلگە نامە فەرمییەكان لەلایەن داواكار بەم شێوەی خوارەوە دەبێت .
١- ڕەگەزنامەی عیراقی .
٢- ناسنامەی باری شارستانی .
٣- (٣) وێنەی ڕەنگا و ڕەنگ .
٤- بڕوانامەی دەرچوون .
٥- كارتی زانیاری نیشتەجێبوون یان پشتگیری نیشتەجێبوون لەگەڵ فۆرمی خۆراك .
٦- پشتگیری تۆماركردنی ناوی داواكار لە لیستی بێكاران لە بەڕێوەبەرایەتیەكانی بەكارخستنی پارێزگاكان .

٧- بەڵێنامەی پەسندکراو لەلایەن بەشی یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی گەشەپێدان لە پارێزگاکان.

٦- أ- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەهەماهەنگی لەگەڵ دام دەزگاکانی حکومەت وکەرتی تایبەت و ڕێکخراوە ناحکومییەکان هەڵدەستێت بە کردنــەوەی خـولی ڕاهێنــانی گونجـاو بـۆ شیاندنی سوودمەندان .

ب- بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەکارخستن لە هەرسێ پارێزگاکانی هەرێم لەڕیگای لیژنەکانی گەڕان بەدوای دۆزینەوەی هەلی کار (لجنە استقصاء) هەڵدەسـتێت بـە دۆزینــەوەی هــەلی کـاری گونجـاو بـۆ سوودمەندان .

٧- پیشتیوانی دارایی

أ- پیشتوانی یاسایی و باری دارایی :- بەپێی پیشتیوانی لە یاسای بوجەی هەرێمی کوردستان بـۆ ساڵی ( ٢٠١٣ ) .

ب- خەرجکردن:- بڕی (١٥٠,٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار دینار مانگانە بۆ هەر سوودمەندێك خـەرج دەکرێت .بە پێ ی خاڵی یەکەم .

٨- ئـەم ڕێنماییــە جـێ بـە جـێ دەکرێـت لــە ڕێکــەوتی دەرچــوونیەوە و لــە ڕۆژنامــەی فــەرمی ( وەقایعی کوردستان ) بڵاودەکرێتەوە .

**ئاسۆس نجیب عبدالله**
**وەزیری کار و باری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی داد**

## بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٣

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی نۆیەم / بڕگە دوو ) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندابە :-

١- کردنەوەی فەرمانگەی دادنووسی لە ناحیەی باتێل .

٢- کردنەوەی فەرمانگەی دادنووسی لە ناحیەی فایدێ .

٣- کردنەوەی فەرمانگەی دادنووسی لە ناحیەی دینارتە.

٤- کردنەوەی فەرمانگەی دادنووسی لە ناحیەی عەربەت.

**شێروان حەیدەری**
**وەزیری داد**

---

**وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی**

## بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٣

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ( ماددەی شەشەم / بڕگە دووەم ) لەیاسایی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ژمارە (١١) بۆ ساڵی (٢٠٠٧) بڕیارماندا بە :-

- کردنەوەی تێبینەرایەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی سمێل لەسنوری بەڕێوبەرایەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی دهۆك .
- لە بەرواری دەرچوونی ئەم بەیانە ٢/٢٧ /٢٠١٣.

**شێروان حەیدەری**
**وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئایینی بەوەکالەت**

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە ( ٣ )ی ساڵی ٢٠١٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ( ماددەی حەوتەم بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی بڕیارماندا بە :-

- هێنانەکایەی (استحداث) ی داینگەی( بازیان ) لەشارۆچکەی بازیان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی سلێمانی / بەرێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەلایەتی سلێمانی بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی خەڵکی ئەم ناوچەیە و دەورووبەری.
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە٢٠١٣/٣/١٧.

**بەیانی ژمارە ( ٤ )ی ساڵی ٢٠١٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە(ماددەی حەوتەم بڕگەی دووەم ) لەیاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بڕیارماندا بە:-

- هێنانەکایەی (استحداث) ی بەشی بەکارخستن لەدیوانی وەزارەت .
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە٢٠١٣/٣/١٧.

**ئاسۆس نجیب عبدالله**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی ناوخۆ**

## بەیانی ژمارە ( ٣ ) ساڵی ٢٠١٣

بەپێ ی ئەو دەسەلاّتەی پێمان دراوە لە ماددەی ( ٦ )ی یاسای پارێزگاکانی عێراق ژمارە ( ١٥٩ ) ی ساڵی (١٩١٩) ی هەموارکراو بڕیارماندابە :-

- هێنانەکایەی و پێکهێنانی (تکوین) گوندی خرابەشاە لەسنوری قەزای ئاکرێ / ناحیەی گردەسێن لەسەر رووبەری (٢٩/٥/٢٥) دۆنم لەسەر پارچە زەوی ژمارە (٢/١ لە کەرتی ١٢٧ / خرابەشاە ) بەپێ ی یاساکاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت .
- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لەرۆژی دەرچوونیەوە ٢٠١٣/٢/٢٤.

## بەیانی ژمارە ( ٤ ) ساڵی ٢٠١٣

ئاماژە بە نووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٥٥٨٣) لە ٢٠١٣/٢/٢٨ وە لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندابە :-

- پەسەندکردنی حەرەمی گوندی ( چەم ژاڵە ) سەر بەناحیەی وارماوا قەزای هەڵەبجە/ پارێزگای سلێمانی و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی کادسترۆ بەڕووبەری (١١,١١,٠٠) یازدە دۆنم و یازدە ئۆلك لە سەر پارچەی زەوی ژمارە (٣٠ لە کەرتی ١٨ میرە دێ ) و (٢٢,٠٨,٠٠٠) بیست و دوو دۆنم و هەشت ئۆلك لەسەر پارچە زەوی ژمارە ٣١ لە کەرتی ١٨/ میرەدێ وەك لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی .
- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لەرۆژی دەرچوونیەوە ٢٠١٣/٣/٣.

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**

وەزارەتی تەندروستی

## بەیانی ژمارە (١٣) ساڵی ٢٠١٣

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ( ماددەی شەشەم / بڕگەی دووەم ) لە یاسایی وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) بۆ ساڵی (٢٠٠٧) بڕیارماندا بە :-

- کردنەوەی ( بنکەی نویٚ) لەم شوێنانەی کە لەخوارەوە ئاماژەی پێکراوە سەر بە بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .

١- ڕێگای سەرەکی هەولێر - خەبات .

٢- ڕێگای سەرەکی هەولێر- مخمور.

٣- ڕێگای سەرەکی هەولێر- بەحرکە.

٤- ڕێگای سەرەکی چۆمان- سۆران .

- لەبەرواری دەرچوونی ئەم بەیانە ٢٠١٣/٢/٢٤ .

## بەیانی ژمارە (١٤) ساڵی (٢٠١٣)

بەپێی ئەو دەسەلاَتەی پێماندراوە( ماددەی شەشەم / بڕگەی دووەم ) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ساڵی ٢٠٠٧، بڕیارماندا بە :-

- کردنەوەی ( بنکەی تەندروستی قەرەچەتان ) جۆری (E) لەگوندی قەرەچەتان/ ناحیەی پیرەمەگرون/ قەزای دوکان سە بە بەرێوبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .

- لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە بەرواری ٢٠١٣/٢/٢٤.

**د. ڕێکەوت حمە رشید**
**وەزیری تەندرستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

## بەیانی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠١٣

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە :-

- کردنەوەی ( کلینیکی ڕاوێژکاری د. سرود بۆ نەخۆشیەکانی خوێن ) لە بەڕێوەبەرایەتی کلینیکە پسپۆڕیەکانی ئێواران سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە رێکەوتی ٢٠١٣/٢/٢٤ .

## بەیانی ژمارە (١٦)ی ژمارە ٢٠١٣

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە :-

- کردنەوەی ( هۆبەی ژمێریاری پەرەپێدان ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری / بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارگێری و دارایی لە دیوانی وەزارەتی تەندروستی .
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە رێکەوتی ٢٠١٣/٢/٢٥ .

**د. ڕێکەوت حمە رشید**
**وەزیری تەندرستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەیانی ژمارە ( ١٧ )ی ژمارە ٢٠١٣**

به پێی ئەو دەسەلاّتەی پێماندراوە لـە ( مـاددەی شەشـەم/ برگـەی دووەم ) لـە یاسـای وەزارەتـی تەندروستی ژمارە (١٥) ی سالّی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە :-

- کردنەوەی ( بەشی توێژینەوەی زانستی ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پـلان دانـان / بەڕێوەبەرایـەتی گشتی پلان دانان لە دیوانی وەزارەتی تەندروستی .
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە رێکەوتی ٢٠١٣/٢/٢٥

**بەیانی ژمارە ( ١٨ )ی ژمارە ٢٠١٣**

به پێی ئەو دەسەلاّتەی پێماندراوە لـە ( مـاددەی شەشـەم/ برگـەی دووەم ) لـە یاسـای وەزارەتـی تەندروستی ژمارە (١٥)ی سالّی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە :-

- کردنـەوەی ( هۆبـەی لـە دایـك بـوون و مـردن ) لـە بەشـی ئامـار سـەر بەڕێوەبەرایـەتی پلان دانان / بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان لە دیوانی وەزارەتی تەندروستی .
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە رێکەوتی ٢٠١٣/٢/٢٦ .

**د. رێکەوت حمه رشید**
**وەزیـری تەندرستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەیانی ژمارە ( ١٩ )ی ژمارە ٢٠١٣**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لـە ( مـاددەی شەشـەم/ برگـەی دووەم ) لـە یاسـای وەزارەتـی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە :-

- كردنەوەی ( هۆبەی ئەندازە و ئامێرە پزیشكیەكان ) لە بەڕێوەبەرایەتی نەخۆشـخانەی فێركـاری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە رێكەوتی ٢٠١٣/٣/٦ .

**بەیانی ژمارە ( ٢٠ )ی ژمارە ٢٠١٣**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لـە ( مـاددەی شەشـەم/ برگـەی دووەم ) لـە یاسـای وەزارەتـی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە :-

- كردنەوەی ( یەكەی تەندروستی ژینگە ) لە گشت نەخۆشخانەی سەر بە وەزارەتی تەندروستی .
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە لە رێكەوتی ٢٠١٣/٣/٦ .

**د. ڕێكەوت حمە رشید**
**وەزیـری تەندرستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

## بەیانی ژمارە ( ٢١ )ی ژمارە ٢٠١٣

بەپێی ئەو دەسەلاَتەی پێمان دراوە لە ( ماددەی شەشەم / بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ساڵی (٢٠٠٧) بڕیارماندا بە:-

- کردنەوەی ( بەشە چالاکیەکان ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پلان/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان لە دیوانی وەزارەتی تەندروستی .
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە٢٠١٣/٣/١٧.

## بەیانی ژمارە ( ٢٢ )ی ژمارە ٢٠١٣

بەپێی ئەو دەسەلاَتەی پێماندراوە لە ( ماددەی شەشەم / بڕگەی دووەم ) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە(١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە:-

- کردنەوەی (بنکەی تەندروستی عەلوە) لەناو شاری سلێمانی سەر بەبەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ٢٠١٣/٣/١٧.

**د. ڕێکەوت حمە رشید**
**وەزیری تەندرستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەیانی ژمارە (٢٣)ی ژمارە ٢٠١٣**

بەپێی ئەو دەسەلاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم ) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧.بڕیارماندابە:-

- گۆرینی ناوی پڕۆژەی ( دروستکردنی نەخۆشخانەی ٢٠٠ قەرەوێلەیی بۆ منالبوون لە سلێمانی ) بۆ ( دروستکردنی نەخۆشخانەی ٢٠٠ قەرەوێلەیی بۆ منالان و منالبوون لە سلێمانی ) .
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە٢٠١٣/٣/١٧.

**بەیانی ژمارە (٢٤)ی ژمارە ٢٠١٣**

بەپێی ئەو دەسەلاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی شەشەم / برگەی دووەم ) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

- گۆرینی ناوی ( بنکەی تەندروستی هەریر) بۆ (بنکەی تەندروستی میر سلێمان )لەناو شاری هەریر سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە٢٠١٣/٣/١٧ .

**د. رێکەوت حمە رشید**
**وەزیری تەندرستی**